((ژینگەو ... پیس پەرستەکان))

ئێمە لەسەر ئەم زەوییەدا بەتەنها ناژین، جیهانی ناوەوەمان و هەر هەموو دۆخی ڕۆحی و دەروونی ئێمە کاردانــەوەی جیهـانی دەورو بـەرە، بـەبێ سـیحر و سەرسـامی و شـکۆمەندی و جـوانی جیهـانی دەرەوە، جیهانی ناوەوەی ئێمەش دەوڵەمەند نابێت و گەشە ناکات . گەر ئەو هەموو شتانەی دەورو بەرمان بمـرن و لەناو بچن، شتێك لەناو ئێمەشدا دەمرێت و لەناو دەچێت ،بە مانایەك ئێمەش ڕوحمان لەناو دەچێت و خەیاڵمان دەدۆڕێـنین، هەسـت و سۆز، توانـای عـەقڵیمان ، کـە دەرەوە پـیس بێـت ، بـەواتا ئێمـە پـیس بووین ، زبڵخانەو پاشەڕۆك و خاپەڕۆك جێهێشتن بەڵگەیە کە ئێمە بۆ خۆمان چەنـدە پیس پەرسـتین و چەند ناشارستانین ، شکاندن و  لابردن و دزینی تەنەکە و بەرمیلی زبڵەکان مانای وایە دوژمـنی پـاکی و جوانین، ئەوەشیان پەیوەندیدارە بەو پەروەردەیەی لەمناڵیمانەوە هێناومانە ، جا چ لـەماڵ بێت و چ لـە قوتابخانەدا.

ئێمەی کورد بێئاگاین لە زۆر شت ، لەبواری سیاسەت و زانست و فیکر، هێشتا کۆمـەڵێکین کـە غـەریزە و پێداویستییە زۆر سـەرەتایی و بایۆلۆژییـەکان لێمانـدەخوڕن ، ئـەمڕۆ کـە هـەر هـەموو وڵاتـانی دونیـا لەخەمی ژینگەپارێزیدان ، نەك هەر ئەوە ..بەڵکو حیزب و لایەنی زۆر لە ئاوروپا و ئامریکا پەیدا بـوون کە بەتەنها خەمی گەورەو سەرەکیان پاراستنی ژینگەو سروشتە، کەچی ئێمەی کورد لە سەرتاسەری ئـەم وڵاتە ڕەنگینـەدا  هەرچەنده بۆمـان بکرێـت مـەل دەکوژین، ئـاژەڵی کێـوی ڕاو دەکـەین ، چـەم و ڕوبـار و دەریاچـەکان  پیسدەکەین ، ئاسمـان پڕدەکـەین لـە دووکـەڵ و سروشـت و سـەوزاییەکان وێـران دەکـەین ، زسـتان و  هـاوین و بـەهار و  پـایز لـەدوای سـەیران و گەشـت و گـوزار گەنـدو گـووی خۆمـان لـەناو ئـەو سروشـتە جوانـەدا بەجێدەهێڵین . هـەتا زووە مەرجـە ئێمـە ئـەوە بـزانین کـە بـەبێ ئـەو هـەموو شـتە جوانانەی دەوروبەرمان ناتوانینـە بـژین ، هـەر بۆیـە ڕۆمـاننووس - جنگیـز ئیتمـا تـۆڤ ـی قـەرغیزی لـە چەندین ڕۆماندا مە ترسی لەناوچوونی  ئاژەڵ  مەلە کێوییـەکان بـە مەترسی لەناوچوونی مرۆڤـەوە گرێدەداتەوە ، ئێمـەی کورد بەرامبـەر بـە مـەل و ماسی و گیانـدارە کێوییـەکان زۆر دڵـڕەق و دڕنـدەین، هەربۆیە زۆر ئاسانە بتوانین بەرامبەر بە یەکدیش دڕندە بـین ، کوشـتنی کۆترێـك و ئاسـکێك سـەرەتایە بۆ کوشتنی دراوسێیەك یان هەر کەسێکی دیکە بەناوی ئەوەی دوژمنتە ، هەموو شتێکی زینـدوو پـڕە لـە جوانی  ، ژمارەیەکی زۆرە لەناو ئێمەدا دوژمن بە جوانین ، من بـۆ خـۆم زۆرجـاران گـوێم لـە زۆر کـوڕی گـەنج و پیاوەکـان بـووە کـە لەسـەر جادەکـان دەوەسـتن ، ئەوکاتـەی کـە چـەند کچێکی جوان بەلایانـدا تێپەڕیون ، دەیـەها جار گوێم لێبووە وتوویانـە (( نـەیگری و بیـدڕێنیت..!)) دیارە مەبەسـت دڕانـدنی کچەکانە ، ئەوەیان ڕستەیەکی ترسناکە لەبەردەم جوانیدا بوترێت ، مادامـەکێ جوانی دەمانهـەژێنێت و هەوەس و ئارەزوومان وەئاگادێنێت ، مادامەکێ لە ئێمە دوورەو دەسـتمان نایگـاتێ ، لـە ڕوانینـی شـێواوی خەڵکی ئێمەدا شایستەی دڕاندنە ، هەر بۆیە تێزاب کردن بە قاچ و قـولی ژنـان و کچـەکان شـتێکی سـەیر نیە لەلای ئەم گەنجە بێبەشانە لە هەر جوانی و خۆشەویستییەك .

بەداخەوە سەرەتای پەروەردەکردنمان ، هەر لەمناڵییەوە ، فێردەکرێین کە چۆن چۆنی بەسەر مەل و ماسی و گیاندارە ئاوییەکاندا زاڵ بین و چۆن بێباکانە ئازاری سەگە بەرەڵلاکان و کەری تۆڕی و پشیلە برسیەکاندا زاڵ بین ، چۆن چۆلەکەو کوکوختی بەدارلاسیك ڕاو بکەین ، بەواتا چۆن بەسەر هەموو سروشتدا زاڵبین ، هەر لەمناڵییەوە کۆمەڵێك بوونەوەری دڵڕەق دەردەچین ، چۆنە فڕندەو ئاژەڵە بەستەزمانەکان بکوژین ، لق و پۆپی درەختەکان بشکێنین ، ئاوەکانی پیس بکەین ، چونکە دواجار ئێمەی منال لاسایی گەرەکانمان دەکردەوە .

"د.ئۆ.سەلیڤان" باس لە مەترسی داگیرکردنی مرۆڤ دەکات بۆ سروشت (زەوی) کە دواجار دەگاتە سەر داگیرکردنی زەوی لەپاڵ ئەو هەموو خەڵك و پەلەوەر و ئاژەڵانەی بەسەرییەوە دەژین . کەواتە بە جۆرێك لەجۆرەکان ئێمەی مرۆڤ توانیمان بەسەر زەویدا زاڵبین ، بەڵام ئەمڕۆکە لە زۆربەی وڵاتانیی ئەم دونیایەدا ؛ بەتایبەتی لە ڕۆژئاوادا؛ ڕۆژ نیە قسە لە سەر وێرانبوونی ئەم ئەستێرەیە نەکرێت ، ئەمەیان ساتەوەختێکی ترسناکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و ئەو شارستانییەتەی کە بونیاتی ناوە ، نەك هەر ئەوەندە .. بەڵکو قۆناغێکی زۆر ترسناکە بۆ چیرۆکی جیۆ – بایەلۆژی ئەم ئەستێرەیە . ئەمریکا و ئاوروپا ، بەتایبەتی ، دەرکی بەوە کردووە کە خەریکە سەرچاوەکانی خێر و خۆشی خۆی لەسەر ئەم زەوییە لەناو ببات و سروشت و ژینگەی دەوروبەری خۆی بە خاك و ئاسمانەوە تەفروتوونا بکات. تاقیکرنەوەی ئەتۆمی و سووتانی دارستانەکان و پیسکردنی دەریاکان و دووکەڵی هەزارەها کارگەو فابریقەبوون بە مایە ی وێرانکردنی ئەم ئەستێرە ئاوەدانە ، ئێمەی کورد تەنها لە دەنگوباسی کونبونی چینی (ئۆزۆن) کەمێك وەئاگاهاتین ، ئەویشمان کرد بە بابەتی نوکتەو مەزاق و وتمان – (( با باجی فاتم بچێت وبە سێ چوار تەقەڵ پینەی بکات ..!))

هەموو زانا بایۆلۆژیستەکان لەو بڕوایەدانە کە لەماوەی (65) شەست و پێنج ملیۆن ساڵی ڕابردوودا کارەساتی ژینگەو پیسبوونی وا لە مێژووی زەویدا ڕوووینەداوە . ئەوە بەو مانایە نایەت کە ئێمەی کوردیش ، گەرچی کارگەو فابریقەمان نییە ، ڕۆڵی زۆر گەورەمان نییە لە ژینگە پیسبوون و وێرانکردن و ناشرینکردنی سروشت ، بەڵام لە چیاکان و پێدەشتەکانی کوردستان ڕاوکردنی سەدەها مەل و ئاژەڵی کێوی بەزمی گەرمی هەر چوار وەرزەکەیە بێ گوێدانە یاساو قەدەغەکردنی ڕاو ، کوشتنی هەزارەها ماسی ، دووکەڵی ماشێنەکانی سەر جادەکان ،هەتا دەگا بە سووتاندنی هەزارەها تایەی کۆن لەنەورۆزداو سووتاندنی دارو درەخت و زبڵی جێماو ، فڕێدانی پاشەڕۆك و خاپەڕۆك بۆ ناو چەم و ڕووبار و دەریاچەکان ، فڕێدانی ملوێنەها عەلاگەو پلاستیکی کۆن لە سەرتاسەری کوردستان ،

ژیانی مرۆڤ و مەڕومالآت و پەلەوەر پێکەوە لە هەمان شوێندا نادروستە ، بەجێهێشتنی پاشەڕۆکی هەزارەها سەیرانکەر و مەیخۆر لە وەرزی بەهاردا ، هەڵبەتە ئەوەیان گەورەترین بەڵگەیە کە ئێمە خەڵکانێکی زۆر ناشارستانین و جگە لەوەش کە ئەو سروشتە جوانەی خۆمان خۆشناوێت ، هەرچەندە سەرزارەکی وەك لە سروودەکاندا دەیڵێینەوە (خاکی گەوهەرە ... ئاوی کەوسەرە ) ، بەڵام وەك

کردارو ڕەوشتی جوانپەرستی و ژینگە پارێزیمان زۆر نزمە ، بەلامانەوە ئاسانە کە پڕی بکەین لە گەندو گوو ، دیارە ئەمەیان هەمووومان دەگرێتەوە : کرێکار و جوتیار و فەرمانبەر و هەر هەموو ئەو چین و توێژانەی کە خوێندەوار و نەخوێندەواری تێدایە ، هەڵبەتە بابەتی- ژینگەپارێزی – لە وڵاتی پێشکەوتوودا بۆتە خەم و هەر لەدایەنگەوە تا دوا قۆناغی خوێندنی ئەکادیمی دەخرێتە ناو پڕۆگرامی خوێندنەوە ، هەرئەوەشە وایکردووە ببێت بە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی هەر هەموو خەڵکی ، من ڕۆژانە پیاوماقووڵانی ئەم شارو وڵاتە دەبینم کە لەپەنجەرەی ئوتومبێلەکەیەوە پاکەتی بەتاڵی جگەرەکەی فرێدەداتە سەر جادە و شۆستەکان ، بە سەدەها پیاو ، چ پیادە و چ سوار هەتا نووسەرەکانیش بوتڵی بەتاڵی بیرەکانیان لەسەر چیمەنەکە بەجێدەهێلن ، ئیتر هەر هەموومان چیمان پیسکرد فرێی دەدەین و سروشت و ژینگەی دەورووبەرمانی پێ وێران دەکەین ، دیارە لای ئێمەش – ژینگە پاراستن – نەبۆتە کەلتوور ، گەر لەدایەنگەوە تا قۆتاغی زانکۆ نەبێت بە بەشێکی گرنگی پڕۆگرامی خوێندن هەر لەم دۆخە پیس پەرستییەدا جێگیر دەبین . لەم سەردەمە تازەیەدا لە پاڵ بابەتی وردبونەوەو خوێندنەوەی مرۆڤ لە ڕێی زانستە ئینسانیەکاندا کە فەراهەم بووە ، لە پاڵ زانستی سروشتی و ئابووریدا کە هەر هەمووی بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤە بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا و بەکارهێنانی بۆ خزمەتی خۆی؛ کێشەی هەرە گەورەی ئەمڕۆکە کە بووەتە کێشەیەکی گەردوونی هەوڵدانە بۆ خۆشگوزەرانی و ئاشتی و پاراستنی خاك وخۆڵ ، ئەمەیان بووەتە یەکە خەمی پەروەردە بۆ ئاییندە .

دواجار دەبێت ئەوە فێربین کە جیهانی دەوروبەری ئێمە ، ئەو ژینگەیەو سروشتەی لە ناویدا دەحەوێینەوە بە هەموو سیحر و جوانی و خەسڵەتە هەرە باڵاکانیەوە وا دەکەن ئێمە لەناوەوەی خۆماندا هەست بە پڕی و دەوڵەمەندی ڕوحی بکەین ، بێ سروشتێکی جوان و ژینگەیەکی تەندروست ئێمەش نەخۆش و بێ زەوق و خەیاڵ دەبین .ئێمەی کورد ، ناڵێم ، عاشقی سروشت نین ، بەڵام هۆشیاریمان کەمە بەوەی ئەو سروشتەو ژینگەیە بە هەمان جوانی و تەندروستی خۆیەوە بیانپارێزین ، هەڵبەتە ئەوەشمان لە یاد نەچووە کە دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی بە درێژایی ئەو دەیەها ساڵە توانیان کوردستان بەبەرنامە بکەن بە سووتماك و ڕۆحی خەڵك و جوانی ئەم خاکە بشێوێنن ، بەتایبەتی لە کوردستانی باشوور و باکووردا، هەر بۆنمونە حکومەتی تورکیا بەبیانووی لەناوبردنی هێزی بەرگری (پەکەکە) توانیان بە هەزارەها هێکتار زەوی بە دارستانەکانەوە بسووتێنن ، هەر ئەوەش وایکرد ڕۆماننووسێکی وەك (یەشار کەمال) لە گۆڤاری (دێرشپیگل) دژ بە سووتانی دارستانەکان بنووسێت و بیکات بە هەرا ، دیارە کوردستانی باشوورش لە سۆنگەی شەڕی دەیەها ساڵەی لە بەرامبەر بەعسدا دار و بەردی بەسەر یەکدیدا ڕمان ، بەڵام ئەوەش ئەو حقیقەتە ناشارێتەوە کە ئێمە خۆشمان نەمان توانیوە ڕێزی ئەو ژینگەیەی خۆمان بگرین ، کەواتە هەتا زووە و پتر وێران نەبووین واچاکە شکۆ و جوانی ئەو خاك و خۆڵە بپارێزین ، واچاکە سیستەمی پەروەردەی تازەمان بیکات بە شاخەم و بەرنامەی خۆی و لە پڕۆگرامی خوێندندا جێگەیەکی پڕ بایەخی بۆ بکاتەوە و بەرنامەی وردو

زانستیانەی بۆ دابڕێژێت . گەر ئێمە بەنیازین لەم سەردەمە  تازەیەدا و بەشێوازێکی تازە بژین ، یەکەم مەرج بۆ ئەم جۆرە ژیانەو زیندەگی کردنە تازەیە ئەوەیە کە هەرهەموومان بیر و بۆچوونی تازەشمان هەبێت ، هیچ کارو کردەوەیەکی تازە بێ بیرکرنەوەیەکی تازە نە دەبێت و نەبووە ، ئێمە بۆ ئەوە ناژین کە زیندەگی حوکمێکی زاڵە و چارەنووسەو ناچارین کە هەر دەبێت بژین، بەڵکو دەبێت فێربین کە هەرهەموومان لەزەت و خۆشی لەو ژیانە ببینین ، کەڵك لەو سیحر و جوانی و  توانا شاراوەکانی ئەو سروشتە ببینین . ئێمە کە پەروەردەی نیشتمانی و جوگرافیا و زیندەوەرزانی و مێژوو دەخوێنین بۆ ئەوەمانە کەپتر چیرۆکی ئەم خەڵك و خاکە بزانین ، چیرۆکی ڕوەك و زیندەوەرەکانی ، ئاو و هەوا ، بۆ ئەوەمانە کە پتر ڕێزی ئەو شتە زیندوو و مردووانە بگرین کە تەمەنی هەندێکیان ملیۆنەها ساڵە ، چیرۆکی زەوی و هەر هەموو شتەکانی سەرخاك و ژێرخاکی ، بۆ ئەوەیە کە پتر ڕێز لە شکۆ و جوانی ئەو هەموو شتانە بگرین و بیانپارێزین ، کە لەمرۆڤ دەکۆڵینەوەو لە ڕووی ڕۆحی و جەستەییەوە دەیخوێنین ، بۆ ئەوەمانە مرۆڤپەروەر بین و بێ ڕێزی پێنەکەین ، بۆ ئەوەمانە وەکو ژیانی خۆمان ژیانی ئەوانی دیکەمان پێ جوان بێ ، مرۆڤ و سروشت دووانەن، زۆر لە بیریاران و فەیلەسووفان ڕزگاربوونی مرۆڤ بەوە دەبینن کە بگەڕێتەوە ناو سروشت و ڕێزی ئەو سروشتە بگرێت. شاعیرێکی ڕۆمانسی وەکو (وێردز وێرپ) سروشت بە مامۆستای یەکەم دادەنێت ، زۆرجاران ڕەوشتی مرۆڤ لەسەر زەوی مایەی گومان و پرسیارە چونکە نەیتوانیوە ڕێزی ئەم سروشتە جوان و بەخشندەیە بگرێت ، لەناوبردنی مەل و ئاژەڵەکانی سەر زەوی سەرەتای لەناوچوونی خۆمانە ، ئێمە بە بوونی دارستانەکان و سەوزاییەکانەوە جوانین ، بەپاکی ڕووبار و کانیاوەکان و دەریاچەکانەوە پاکترین ، ئێمە و پەلەوەر و گیاو و ئاو و گیاندارەکان، هەر هەموومان ، چارەنووسمان بەیەکەوە بەستراوەتەوە ، بۆ ئێمە مەرجە کە ڕێزی هەر هەموو توخم و ڕەگەزەکانی ناو سروشت بگرین ، چ زیندوو..چ مردوو ،(کاندنسکی ) وتەنی : بەردیش ڕۆحی هەیە ، وتراوە کە مرۆڤی کۆن و سەرەتایی  شاعیر بووە ، هەمیشە سەرسام بووە ، هەمیشە مناڵ بووە ، هەم ترساوەو هەمیش لەزەتی لە هەموو شتەکانی دەوروبەری خۆی کردووە ، هەمیشە بەشێك بووە لە سروشت ، بەتەنها ئەو کاتە ڕۆحی شاعیرانەی خۆی دۆڕاندووە کە لەناو سروشت هاتۆتە دەرێ و ڕازی بووە بە ژیانی ناو کۆشك و باڵەخانەکان ، بەیەکجاری تریفەی مانگی لە یاد کرد کە کارەبای دۆزییەوە ، دوای ئاو وبالووعەکان کاری بەکانی و ڕووبار نەما . لەم سەردەمەدا ، لەوە دەچێت ، بۆ هەمیشە سیحر و هێزی خۆر و ((با))مان لە یاد چووبێت ، هی ڕوبارەکان و دەریاکان و شەپۆلەکان و سەوزایی و دارستانەکان ، ڕەنگ و بۆنی خۆڵ ، هەور و هێڵ و بەفر و باران ..هەتاو .. هەتاو... فرندە ئازادەکانی ئاسمان ، گیانلەبەرە کێوییەکان ، سپهری دەڵێت : بۆچی دەبێت بولبول لە قەلەڕەش جوانتربێت ؟ وای لە دڕەندەیی ئێمە کە کە ڕاوی ئەو هەموو مەل و ئاژەڵانە دەکەین ، شاعیرێك وتوویەتی – ((ئێمەناتوانین لە گەڵ مرۆڤدا ئاشت بینەوە تاوەکو لەگەڵ ئاژەڵدا ئاشت نەبینەوە ..!))

مرۆڤی ئەم سەردەمە وەها نامۆ بووە بە خۆیی و دەوروبەرەکەی کە چیتر ناتوانێت خۆی بە بەشێك لە سروشت بزانێت ، چیتر ناتوانێت لە ناو ئەو گەردوونەدا بە هەموو پێکهاتە زیندوو و مردووەکانی (خۆی – مەبەست مرۆڤە)بە یەکێك لە ڕەگەزە زیندووەکانی دابنێت ، تەکنەلۆژیا کردوویەتی بە برغوویەك لەناو دەزگایەکی گەورەدا، من لێرەدا فلیمەکەی (شارلی شاپلن)م وەیاد هاتەوە کە ناوی ((سەردەمە تازەکان))ە کەدیارە مرۆڤ خۆی دەبێت بە ئامێر، ڕەنگە کەسێك بپرسێت کە تا هەنووکە پیشەسازی و شۆرشی تەکنۆلۆژیا کە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤی گۆڕیوە، نێوان مرۆڤ و سروشت، مەسەلەیەکە کە تەنها پەیوەندی بە ڕۆژئاواوە هەیە و ئێمەی کورد لێی دوور و بێبەرین، بەڵام پەیوەندی ئێمەی کوردیش لەگەڵ سروشت پەیوەندی مرۆڤێك بووە کەتەنها مرۆڤی ئەوەندە خۆش ویستووە کە خێر و بێری پێببەخشێت، سروشت بۆ کوردێکی پێدەشتەکان و ناو شاخەکان زەوییەکی بە پیت و بەرەکەت بووە، چەند لە مەترسی و مەرگ دووری خستبێتەوە، ئەوەندە پتر ئەو سروشتەی خۆشویستووە، مرۆڤی کورد بە حوکمی ئەو مێژووە ڕەشەی کە لەگەڵ دوژمن و داگیرکەرانی خاکەکەی هەیبوو، بۆ ئەو جۆرە مرۆڤە سروشت تەنها خاك و ئاو نەبوو، تەنها جوان و ڕازاوەو و دلگیر نەبووە، بەڵکو هەمیشە وەك پەناگەیەك و حەشارگەیەك لە سروشتی ڕوانیوە، هەرگیز بڕوای بەمە نەبووە کە ئەم و سروشت خاوەنی یەکدین و دووانەی یەك منداڵدانن، بەڵکو لای ئێمە (مرۆڤ و سروشت) بەیەکەوە کارکردەی خودان بە مەبەستێك دروست بوون کە تەنها ئاسمان دەیزانێت، کە سروشت لەگەڵ مرۆڤی ئێمەدا دژوارو نالەبار بووە، وای بۆ چووە کەئەوە خودایە کە لەڕێی سروشتەوە تۆڵەی لێ دەکاتەوە، بۆیە تا ئێستاش باووبۆران ولافاو و وشکەساڵی و هەموو نالەبارییەکی سروشت بە (غەزەبی خودا) لێکدەداتەوە، خۆ ئەگەر هەر هەمان سروشت پڕ خێر و میهرەبان بوویێت..ئەمەیان ئاوڕدانەوەیەکی پڕ لە بەزەیی یەزدان بووە، لە هەمووی کوشندەتر ئەوەیە کە ئێمە هەرهەموومان ناتوانین ئەو سروشتەمان خۆشبوێت و نەمانتوانیوە پاك و تەمیز بیپارێزین، وەك پێشتر باسمان کرد ،پاکوخاوێنی و ڕێزگرتن نەبووەتە کەلتوور، نە ئێمە لێرەو نە خەڵکانی دیکە لەوڵاتانی دیکە وەك پێویست نەمانتوانیوە لە وێرانکردنی سروشت بێ گوناه دەربچین، ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات و هەرهەموو کیشوەرەکانی دیکەش لەم بوارەدا تاوانبارن، کەسمان چیتر ئەو مرۆڤە کۆنەی بەر لە ملیۆن ساڵ نین، مرۆڤی کۆن لەگەڵ مەل و گیانداورەخت و ئاو و دارو بەردو مردووەکانیشدا پەیوەندی ڕۆحی قووڵی هەبووە، قسەی لەگەڵ هەر هەموو ڕەگەزەکانی ناو سروشتدا کردووە، ڕێزیانی گرتووە، شەرمی لێ کردووە، ترساوە و پەرستوویەتی، مرۆڤی کۆن تەنها ئەو کاتە دڕندە ئاسا مەل و گیانداره کێوییەکانی کوشتووە کە برسی بووە،ڕاوکردنی مەل و هەر هەموو گیاندارە کێوییەکان بەتەنها لەتاو برسییەتی نەبووە، بەلکو زۆر جاران بۆ سەرگەرمکردن و خۆشی بووە..تا هەنووکەش درێژەی هەیە، مرۆڤی ئێستا ئامادەیە کە هەموو کات دڕندە بێت، بەتەنها لەگەڵ مەل و ئاژەڵەکان و درەختەکاندا دڕندە نیە، بەڵکو مرۆڤ دژ بە هاوتوخمی خۆی دڕندە و خوێنخۆرە، ئەو هەست و سۆزە پڕ لە جوانی و سەرسامیە لای

مرۆڤی سەردەم  کەمی کرددوە یان هەر نەماوە .مرۆڤی هاوچەرخ و زانستپەروەر هەموو سروشت و دەوروبەر و ژینگە بە بەشێکی جیا لەخۆی دەبینێت، هەموو جیهان و دیاردەکانی لای مرۆڤی تەکنەلۆژی-پەرست جگە لە کۆمەڵێك (شت) کە بۆ خزمەتی خۆی بەکاریان دێنێت و کەڵکیان لێ دەبینێت هیچی دیکە نیە، بۆ مرۆڤی کۆن هەموو ئەو شتانەی دەوروبەری ڕۆحلەبەر بوون، لەخۆی جیای نەکردوونەتەوە، لە دارو بەرد و درەخت و گیاندارەکان تادەگا بە ئەستێرەو تاریکی و ڕووناکی پڕ سیحر و زیندوویێتی، گفتوگۆی لەگەڵ کردوون، دەنێو ڕەگەزەکانی سروشتدا هیچ کامیانی بە (شت) نەزانیوە، شتگەلێکی بێگیان نەبوون، بەڵکو هەمیشە بە ڕاناوی (تۆ) لەگەڵیاندا گفتوگۆی سازاندووە، هەڵبەتە مرۆڤی زانستپەروەر پیشەساز و تەکنۆلۆژیا پەرست شانازی بەوەوە دەکات کە توانی بەسەر سروشتدا زاڵ بێت، چیتر بە (تۆ) بانگی ناکات، بەڵکو سروشت بە هەموو ڕەگەزەکانەوە کۆیلەیە بۆ حەز و هەواو هەوەسەکانی مرۆڤی تازە کە دواجار لە مرۆکەدا ئاشکرا بوو کە ئەمجارەیان لەپای وێرانکردنی سروشت مرۆڤ خۆشی لە مەترسی لەناوچوون نزیك بۆتەوە. ئێستا ئێمە تێدەگەین کە مرۆڤ بۆ ماوەیەکی درێژ توانی سروشت ڕام بکات و بێئاگاو سەرمەست سروشتی کرد بە پێخوستی خۆی، بەڵام ئەوەتا ئەمرۆکە زەندەقی لەوە چووە کە گەورەترین دۆڕان دۆڕاوە و گەر فریای خۆی نەکەوێت بە ئەستێرەکەوە دەکوژێتەوە، بەواتا سروشت لە میانەی وێرانبوونی خۆیدا توانی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، چونکە مرۆڤی تازە هەرگیز نەیتوانی ڕێزی بگرێت، ئەوەتا زەوی و هەرهەموو بوونەوەرەکانی سەر خاکەکەی داوای مانەوەو پاکبوونەوەو تازەبوونەوەمان لێدەکەن، چیتر زەوی ڕازی نابێت وەك کۆمەڵێك شت و کەلوپەل و کوتاڵ و کەرەستەی خانووبەرە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت،  کڕین و فرۆشتنی لەسەر بێت، چیتر ڕازی نابێت لە شکۆ وجوانی و سیحری کەمبکرێتەوە، چیتر ڕازی نیە مرۆڤ ملهوڕانە پێی بەسەردا بنێت و خۆی بەپیرۆز و مەزنتر بزانێت، مرۆڤ گەر لەمەودوا ڕێزی ئەم خاك و خۆڵە نەگرێت، لەژێر پێیەکانیدا وەکو گڕکان دەتەقێتەوە، مەسەلەش (غەزەبی خودا) نیە، بەڵکو تۆڵەو تووڕەبوونی سروشتە لەبەرامبەر دەبەنگی و ملهوڕییەکانی ئێمەدا، ئاخر سەدەها ساڵە سروشت ئازاری دەدرێت و جوانیەکەی دەشێوێندرێت، کەچی هەر خامۆش و ئارامە، ئیتر تا ئێرە و بەس، سروشت پێمان دەڵێت : بەمەرگی من تۆش کۆتایت دێت، چەندە پتر پیسم بکەیت،خۆت بۆگەن دەبیت، چەندە تۆ ملهوڕانە پڕم دەکەیت لە دووکەڵ، لەکۆتاییدا خۆت کوێر دەبیت، چەندە پڕم بکەیت لە تەقینەوەی بۆمبەکانت، زووتر خۆت کەڕ دەبیت، چەندە پتر دارستانەکان دەسوتێنیت، ئەوەندە پتر هەناسەی خۆت تەنگ و سوار دەبێت، دواجار پێویستە بزانین کە سروشت بە خاك و خۆڵ و بەرد و دار و هەوا و ئاوەوە دوا ساتەکانی تووڕەبوونی خۆی دەژیت.

ئەوە ئەو جیهانە تازەیە کە ئێمە تێیدا دەژین . عەشقی پارەو سامان بووەتە بەرزترین ئامانجی ئێمە و دوا کەڵکەڵەی ڕۆحی سەرمایە-پەرستیمان، مامەڵەی ئێمە لەگەڵ سروشتدا مامەڵەیەکی بازرگانییە، قازانج تاکە پێوانەی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە، هەرهەموو بەهاو ڕەوشتی ئێمە لەوەدا کۆبۆتەوە کە

چەندمان هەیە، نەك ئێمە كێین، بێ موڵك و سامان گومان لە ناسنامەی مرۆڤبوونی خۆمان دەكەین، هەرئەوەش وایكردووە ڕێزی ژینگەی دەوروبەرمان نەگرین، تەنها بەو مەرجە لە سروشت نزیك دەبینەوە كە چەندە قازانجی لێدەكەین، ئەم ئەستێرەیە بەدەستی مرۆڤەوە ئەوپەڕی ستەمی لێدەكرێت، كتومت لەو كچە دەچێت كە ناچار بووبێت ملكەچ و ژێردەستە لەژێر پەلامار و هێرشی دەیەها پیاوی سمێڵ بابڕ و ملهوڕ و هەوەسباز بناڵێنێت و (بێ بن) بكرێت، بەتەنها شاخ و داخ و ڕووبار و درەخت و كانیاو و زەریاكان لەبەردەمی هەڕەشەدا نین، بەڵكو خودی سیستەمی زیندەگی و ژیان پەلامار دراوە و ستەمی لێدەكرێت، ڕوانینێكی وەها میكانیكی بۆ هەموو دیاردەكانی سروشت ڕۆح دەكوژێت، ئەو ڕۆحەی وا لەناو مرۆڤ و سروشتدا هەیە كە وادەكات بە ڕۆحێكی شاعیرانە دڵداری لەگەڵ یەكدیدا بكەن، خودی ژیان پێویستی بە بەشێك هەیە لە دەرەوەی رۆحی سوودپەرستی و میكانیك ئاسا، لە دەرەوەی بەهایەكی بازرگانانە، مەرجی مانەوەمان ئەوەیە كە ڕێز لەو ژیانە بگرین كە داوای ئامادەگی و سرووش و جوانی و هۆشیاری و ڕۆحی پێكەوە بوونمان لێدەكات، ئەم ڕاستییەش هی ئەوەیە كە سادەترین كەس وەك پەیامێك پێی بگات و تێیبگات، دوای ئەو هەموو مەترسییە گەورەیەی گۆی زەوی گرتۆتەوە وا خەریكە جۆرێك لە هۆشیاری پێكبێت، هۆشیاری سەردەمێكی تازەو پڕ ئاگاهی كە تێیدا مرۆڤ دەیەوێت ئەو ڕێزە بۆ زەوی بگەڕێنێتەوە كە ونی كردبوو، لای ئێمەش (كۆمەڵی كوردستانێكی سەوز) و چەند خەمێكی دیكە دەكەوێتە ناو ئەو خەمە تازەیەو هۆشیاریمان بەوەی كەناكرێت خۆمان لەدەرەوەی ئەو ئەستێرەیە ببینین، چیدیكە سروشت بەتەنها حەشارگە و پەناگە و كێڵگەیەكی بە پیت نیە ، بە كەلتووركردنی پاك ڕاگرتنی ئەم خاكە داوایەكی هەنوكەیی و بە پەلەیە ، بۆ ئەوەش دەزگای پەروەردە كاری گەورەی پێ دەكرێت ، جگە لەوەش هەموو كەناڵەكانی راگەیاندن بخرێنە گەڕ بۆ ئەم مەبەستە ، تا پەیامی پیرۆزی پاراستنی ژینگە بگاتە هەموو ماڵێك ، نەوەی ئێستا لەوە تێبگات كە ئەم زەویە تاپۆكەی لەسەر ئێمە نیە ، بەڵكو هی نەوەكانی داهاتووە ، مەرجە وا بیپارێزین كە نەفرەتمان لێ نەكەن و شایستەی ئەوە بێت لە سەری بژین وەك چۆن ئێمە ژیاین ، ئەگینا وەك ئەو پیاوەمان لێ دێت كە لە سەرچاوەیەك دەخواتەوەو پاشان بێباكانە پیسی دەكات بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات كە بەراوەكەی خەڵك و ئاوایی دیكە هەن لێ دەخۆنەوە ، ئەگەر هەر بەڵێنە سروشت و ژینگەیەكی زۆر وێران و خاپووری بۆ نەوەی داهاتوو بەجێبێڵین ، با ئەوەندە رەوشتمان هەبێت كە خاك و خۆڵ و ئاوێكی وای بۆ بەجێبێڵین كە هەر هیچ نەبێ بتوانێت كەمێك چارەسەر و تیماری بكات ، سروشتێكی مردوو نەبێ ، هەر هیچ نەبێ هەناسەیەكی تێدا بمێنێت ، كەڕ و لاڵ و نابینا نەبێ ، زەوییەك بێت كە بە هەوڵ و زیرەكی نەوەی داهاتوو ڕۆحی بكرێتەوە بەر . كاری ئێمەیە كە مرۆڤ بەو ڕۆحە مەزنەی خۆی ئاشنا بكەینەوە ، بە هەموو دیاردەو رەگەزە زۆر جوان و زیندووەكانی سەر زەوی كە بەیەكەوە دەژین و گەر بەڵێنە یەكێكیان بكوژرێت و بمرێت، بێگومان ئەوی دیكەشیان لە پاش ئەو مەرگە ناوەختە ناتوانێت لەوە درێژتر بمێنێتەوە ، مرۆڤ دەتوانێ بەوە جوانتر بێت كە شاعیرانەو ئاشقانە لە گەڵ سروشتی دەوروبەری خۆیدا بژی ، گەر خۆی

بکا بە سەردار و ئاغا و کەڵەگای سەر سروشت ، بەر لە هەموو شت خۆی کوتایی دێت و چی سیحر و جوانی هەیە دەیدۆڕێنێت ، تەنها ئەو کاتە لە گەڵ خۆێدا ئاشت دەبێتەوە کە لە گەڵ خاك و دار و بەرد و ئاودا ئاشت بێتەوە ، لەگەڵ هەر هەموو پەلەوەر و گیاندارە جوانەکان ، زۆر مەرجە خۆمان و فەرزەندەکانمان لە سەر ئەو تەبابوونە پەروەردە بکەین ، تەبایی نێوان ئێمە وسروشت ، دۆزینەوەی هاوسەنگی ، بە جۆرێك بەیانیان کە خۆر هەڵدێت ئاهەنگ بگێڕین ، کە خۆر ئاواش دەبێ لە بەزم و ئاهەنگ نەکەوین ، چ هەتاو بێت و چ تریفە بڕژێت شاگەشکە ببین ، سەرما و گەرمامان وەکو یەك خۆشبوێت ، رێزی خۆڵ لە ئاڵتوون پتر بێت ، قەلەباچکە بە قەد هوزار لە لامان خۆشخوان بێت ، فێریان بکەین کە سەر بڕینی مەل و مەڕێك هەر چەندە برسیمان بێت؛ گوناهە ، کوشتنی ماسییەك لە ناو ئاودا کە بە ئازادی دێت و دەچێت ، کوشتنی جۆرێکە لە ئازادی ناو سروشت ، فێریان بکەین کوشتنی ئاسکێك و بەرازێك بە بیانووی خۆشی ڕاو یان برسییەتی سەرەتایەکە بۆ کوشتنی خۆدی مرۆڤ ، فێریان بکەین شەرم و رێز لە هەموو زیندوویەك بگرن ، با منداڵەکانمان فێر بکەین کە گوڵەکانیش وەك ئێمە ڕۆحلەبەرن و ئازاریان پێدەگات کە لە ناو باخەکاندا هەڵیاندەپچرین ، با فێریان بکەین کە سووپاسی مانگ و ئەستێرەکان بکەین ، چونکە شەوانی ئیمە جوان دەکەن و لە بەر خۆشی ئێمە بەو ئاسمانەوە تریفە و رۆشنایی دەبارێنن ، با بزانن چۆن بەسەر سەوزایی و گیاکاندا رێ دەکەن و چۆن چۆنی پاییزیان بەقەد بەهار خۆش بوێت و جیاوازی لە نێوان هاوین و زستان تەنها لەوەدا بێت کە سەرما و گەرما دوو جوانی جیاوازن و بەڵام هەردووکیان پێویستن ، گەر فریای ئەوە نەکەوین ئەم نەوەیە فێری جوانپەرستی بکەین هەمان ئەو مێژووە ڕەش و نالەبارەی ئێمە لە گەڵ سروشتدا دووبارە دەبێتەوە ، وا جوانترە کە وایان لێبکەین کە هەست بکەن ئەم گەردوونە ماڵی خۆیانە ، وێرانبوونی ئەو ماڵە مەرگی خۆمانە ، زەویی بە تەنها ئەستێرەیەکی خامۆش نیە ، بەڵکو دایکە و ملیۆنەها ساڵە بەخێومان دەکات و ئێمەی پاراستووە ، میهرەبان و پڕ بەخشش بووە ، ماموستای یەکەم وانەو دوا وانە بووە ، زەوی نانی داوە بە ئێمە ، دەرمان و هەر هەموو یاسا و رێسا و بەها پیرۆزەکان، خێر و بێری مرۆڤ لە خێر و بێری زەوییەوە هاتووە . گەر ئەم زەوییە لەوە پیرتر بێت ، ئێمەش پیرتر دەبین ، گەر لەوە پتر وای لێبکەین نەخۆش بکەوێت ، ئێمە ناتوانین تەندروست بین ، گەر ئاو و هەوایەکمان پیس کرد ، خۆمان ژەهراوی دەبین ، دەبا وەك ئەستێرەیەکی رۆشن لە زەوی بڕوانین کە نەهێڵین بکوژێتەوە ، ئەم خاك و خۆڵە ئاخورێك نیە کە بە تەنها لێی بخۆین . ئەوەی کە ئەمڕۆکە پێ دەوترێت ( جیهانگیری – گلۆبلایزەیشن ) ناکرێ بە تەنها بازاڕ و بەرژەوەندی ئابووری وڵاتان و میللەتان بێت ، بە تەنها زادەی هێزەکانی پیشەسازی و بازرگانی و دارایی نیە ، بەڵکو یەکخستنی ڕۆحی پەرۆشی هەموومانە بۆ مانەوەی خۆمان و ئەم ئەستێرەیە بە پاکی ، بە جوانی و ئەو پەری تەندروستی . جیهانگیری کۆکردنەوەی هەر هەموومانە لە ناو جۆرێك لە پەیوەندی تۆکمەدا ، ئێمە و هەر هەموو رەگەز و پێکهاتەکانی سەر ئەم زەوییە کە دواجار بە هەزارها ڕایەڵ و پرد بەیەکەوە بەستراوینەتەوە ، هەموو سیحر و جوانی گەردوون لەوەدایە

**کە ئێمە چۆن چۆنی دەیبینین ، زەوی بە خاك و خۆڵ و ئاو و دار و بەرد و هەر هەموو شتەکانی دیکەوە خۆی لە چاوی ئێمەدا دەبینێت . ئێمە و زەوی دووانەین – جمکین – بەیەکەوە لە دایك بووین و گەر هەر کامەمان بمرێت ، ئەوی دیکەشمان بە سك دەدات و دەمرێت .. !**